# داهاتی نەوتی حەوت مانگی سەرەتای ٢٠٢١ی عێراق

٢٠٢١/٨/١

## شیکردنەوەی یادگار سدیق گەڵاڵی

لەماوەی ٧ مانگی ڕابوردوودا داهاتی نەوتی عێراق بەبێ نەوتی هەرێمی کوردستان بریتی بووە لە ٣٩ ملیار و ٦٨٨ ملیۆن دۆلار وەهەر لەو ماوەیەدا داهاتی ٢٥٠ هەزار نەوتی هەرێم کە دەبێت ڕادەستی سۆمۆی بکات و لە بوجەی هەرێم دەبڕدرێت بریتیە لە ٣ ملیار و ٣٣٧ ملیۆن دۆلار(نرخی نەوتی کەرکوک بۆ نەوتی هەرێم ئەژمارکراوە، چونکە یەک کوالێتییە لە بەندەری جیهان). بەیەکەوە داهاتی نەوت دەکاتە ٤٣ ملیار و ٢٦ ملیۆن دۆلار وئەم پرە بەدینار دەکاتە ٦٣ ترلیۆن و ٣٨٨ ملیار دینار. بەتەنها جگە لە داهاتی نانەوتی ڕێژەی ٤٨٪ ی خەرجی بوجەی ٢٠٢١ی دابینکردووە.

هەرێم لە ڕێی لێبڕینی داهاتی ٢٥٠ هەزار بەرمیلی ڕۆژانەوە بەنرخی سۆمۆ لەو داهاتە نەوتییەی عێراق بە ڕێژەی ٧.٧٥٪ بەشدارە.

لەم خشتانەی خوارەوە بڕی هەناردەوە نرخی نەوت و داهاتی مانگانەی عێراق لە گەڵ داهاتی ئەویرەی کەلەبوجەی هەرێم دەبڕدرێت بەپێی یاسای بوجەی ساڵی ٢٠٢١ ( داهاتی ٢٥٠ هەزار بەرمیلی ڕۆژانە بەنرخی سۆمۆ) روونکراوەتەوە. زانیارییەکان لە کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ) وەرگیراوە.

**هەناردەو داهاتی نەوتی عێراق بە دۆلار**

| ٢٠٢١ | کۆی هەناردەی مانگانە | کۆی داهاتی مانگانە | نرخی بەرمیلێک نەوت |
|---|---|---|---|
| کانوونی دووەم | 88,922,697.00 | 4,765,000,467.77 | 53.586 |
| شوبات | 82,877,757.00 | 5,013,013,969.82 | 60.487 |
| ئازار | 91,311,929.00 | 5,786,536,232.94 | 63.371 |
| نیسان | 88,398,319.00 | 5,549,517,235.88 | 62.779 |
| ئایار | 89,881,268.00 | 5,917,932,792.99 | 65.842 |
| حوزەیران | 86,765,589.00 | 6,143,106,713.41 | 70.801 |
| تەموز | 90,467,794.00 | 6,513,792,969.87 | 72.001 |
| کۆی ٧ مانگ | 618,625,353.00 | 39,688,900,382.68 | |

**داهاتی ٢٥٠ هەزار بەرمیلی هەرێم**

| ٢٠٢١ | بەرهەمی ڕۆژانە | بەرهەمی مانگانە | نرخی نەوتی کەرکوک | داهات |
|---|---|---|---|---|
| کانوونی دووەم | 250,000 | 7,750,000 | 53.204 | 412,331,000.000 |
| شوبات | 250,000 | 7,000,000 | 56.330 | 394,310,000.000 |
| ئازار | 250,000 | 7,750,000 | 63.375 | 491,156,250.000 |
| نیسان | 250,000 | 7,500,000 | 61.673 | 462,547,500.000 |
| ئایار | 250,000 | 7,750,000 | 65.130 | 504,757,500.000 |
| حوزەیران | 250,000 | 7,500,000 | 70.037 | 525,277,500.000 |
| تەموز | 250,000 | 7,750,000 | 70.599 | 547,142,250.000 |
| کۆی ٧ مانگ | | 53,000,000 | | 3,337,522,000.000 |

| کۆی داهاتی نەوتی ٧ مانگی عێراق | |
|---|---|
| داهاتی نەوتی عێراق/دۆلار | 39,688,900,382.68 |
| داهاتی نەوتی ٢٥٠ هەزار بەرمیلی ڕۆژانەی هەرێم /دۆلار | 3,337,522,000.00 |
| کۆی داهاتی نەوت / دۆلار | 43,026,422,382.68 |
| **کۆی داهاتی نەوتی عێراق / دینار** | **62,388,312,454.89** |

لە یاسای بوجەدا داهاتی نانەوتی بە ٢٠ ترلیۆن و ١٤٩ ملیار دینار دیاریکراوە، گەربێت و ئەم برە دابەش بکەین بەسەر مانگەکاندا ئەوا لە حەوت مانگدا داهاتە نانەوتییەکان دەکاتە ١١ ترلیۆن و ٧٥٣ ملیار دینار. بە زیادکردنی داهاتی نانەوتی بۆ داهاتە نەوتییەکان ئەوا داهاتی ئەم ٧ مانگەی سەرەتای ٢٠٢١ی عێراق دەکاتە ٧٤ ترلیۆن و ١٤١ ملیار دینار کە ڕێژەی ٥٧٪ ی خەرجی هەموو ساڵەکە پێک دەهێنێت. گەر نرخی نەوت تا کۆتایی ساڵ لەم ئاستەدا بمێنێتەوە ئەوا بەئاسانی ئەو کورتهێنانەی لەیاسای بوجەدا هاتووە پڕدەبێتەوە کە دیاری کراوە بە ٢٨ ترلیۆن و ٦٧٢ ملیار دینار.

| **داهاتی خەمڵێندراوی نانەوتی ٧ مانگی سەرەتای ٢٠٢١/ دینار** | **11,753,600,532.33** |
|---|---|
| کۆی داهاتی نەوتی و نانەوتی | 74,141,912,987.22 |
| کۆی بوجەی عێراق لە یاسای بوجەی ٢٠٢١ دا | 129,933,009,291.00 |
| ماوەتەوە لە ٥ مانگدا پڕبکرێتەوە بە داهاتی نەوتی و نانەوتی / دینار | 55,791,096,303.78 |
| ماوەتەوە لە ٥ مانگدا پڕبکرێتەوە بە داهاتی نەوتی و نانەوتی / دۆلار | **38,476,618,140.54** |
| **ماوەتەوە مانگانە بە داهاتی نەوتی و نانەوتی پڕ بکرێتەوە/ دۆلار** | **7,695,323,628.11** |